# بومەلەرزە

موئەیەد تەیب



ئامێری پێوانی پلەی بومەلەرزە

پێش چەند مانگێک بومەلەرزەیەکی گەورە و بەهێز لە ئۆقیانووسی هندی دا روویدا، هێزی ئەم بومەلەرزەیە بە پێوەری ریختەر (٩/٨) پلە بوو، لە ئەنجامدا ئاوی دەریا بە بەرزی (٣٠) مەتر بە هێزێکی مەزن و بێ وێنەوە وەک لافاوێکی بێ هاوتا کەنارەکانی دەریای گرتەوەو زیانێکی زۆری بە ئاوەدانی و ئەو مرۆڤانەی لە نزیک کەناری ئۆقیانووسەوە بوون گەیاندو زیاد لە ٢٥٠٠٠٠ هەزار مرۆڤ بوون بە قوربانی و زیانی مادیش بە زیاتر لە (٥٠) پەنجا ملیار دولار دەخەمڵێنرێت.

ئەگەر ئێمەی مرۆڤ تەنها پێش چەند خولەکێک هەست بە روودانی بومەلەرزە بکەین، دەتوانین زیانەکانی کەمتر بکەینەوە، بەڵام بەداخەوە سەرەرای پێشکەوتنی مرۆڤ لە گشت بوارێکی زانستی و تەکنەلۆژیدا، هێشتا لە توانای مرۆڤدا نییە پێشبینی روودانی بومەلەرزە بکات.

بە پێچەوانەی مرۆڤەوە، گیانەوەر پێش چەند چرکەیەک هەست بە هاتنی بومەلەرزە دەکات، گەلێک جار مرۆڤ بینیویەتی پێش روودانی بومەلەرزە سەگ دەوەرێت، مەڕ لەیەک کودەبێتەوە، مشک لە کون مشکەوی دەردەچێتە دەرەوە و دەنگی قد قدی مریشک و کەڵەشێر بە شێوەیەکی ناسروشتی دەبیسترێت.



پێش بومەلەرزە — سەرەتای بومەلەرزە — کاتی بومەلەرزە




# بومەلەرزە چییە؟

هێشتا منداڵ بووین کە دەمانبیست جیهان لەسەر شاخێکی گەورە ماسییەکەو کاتێک ئەم شاخەی ماندوو دەبێت، ئەم جیهانە دەهاوێتە سەر شاخێکی تری و لە ئەنجامدا هەست بەلەرزینی زەوی دەکەین.

بێگومان - وەک هەمووش دەزانین - ئەم قسەیە هیچ راستییەکی بۆ نییە.

بومەلەرزە دیاردەیەکی سروشتی یە و پەیوەندیدارە بە جوڵەی بەردەوامی چینە ووشکەکانی توێکڵی ئەرز و ساڵانە زیاد لەیەک ملیۆن بومەلەرزە روودەدات، بەڵام لەبەر ئەوەی سێ چارەکی تۆپی زەمین ئاوەو تەنها چارەکێکی خاکە و بەشی زۆری بومەلەرزەکان لە ژێر دەریاو ئوقیانووسەکان روودەدەن ئێمەی مرۆڤ هەست بە روودانیان ناکەین.

زانایەک بە ناوی ریختەر شێوازێکی بۆ پێوانی هێزی بومەلەرزە داهێناوە، کە بە ناوی خۆدی ئەم زانایەوە ناونراوە.

بە پێی ئەم شێوازە هێزی بومەلەرزە بەسەر نو پلەدا دابەشکراوە.

پلەی یەک و دوو مرۆڤ هەستی پێناکات، پلەی سێ و چوار دیوارەکان دەلەرزێنەوەو مرۆڤ هەستی پێدەکات، پلەی پێنج دیوارە سستەکان دەروخێنێت و پەنجەرەکان دەشکێنێت، پلەی شەشەم هێزی بۆمبایەکی ئەتۆمی هەیەو پلەی حەوتەم ئاوەدانی دەروخێنێت و پلەی هەشت گەلێک سامناک و زیانبەخشەو هەموو شتێک بەسەریەکدا دەروخێنێت و پلەی نۆیەم تا ئێستا رووی نەداوە.




## بۆمەلەرزە مەزنەکان

| ساڵ | جێگا | ژمارا قوربانیانی |
|---|---|---|
| ١٩٠٨ | ئیتالیا | ١٧٠,٠٠٠ کەس |
| ١٩٢٠ | چین | ١٨٠,٠٠٠ کەس |
| ١٩٢٣ | یابان | ١٤٠,٠٠٠ کەس |
| ١٩٧٠ | پیرۆ | ٥٤,٠٠٠ کەس |
| ١٩٧٣ | مەکسیك | ١٠٠,٠٠٠ کەس |
| ١٩٧٦ | چین | ٦٥٠,٠٠٠ کەس |
| ١٩٧٧ | گەلێك شوینی جیهان | ٧٠٠,٠٠٠ کەس |